# یادکرنەوەی ساڵەیادی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵا نەهری



ئازاد کەریمی نووسیویەتی

ئەورۆ ٢ی مانگی ئۆکتۆبەر،١٣٧ ساڵ بەسەرشەڕی مەرحەمەتاوا(میاندواو)لە شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهرێ ی شەمزینان تێپەڕ دەبێ.
شێخ عوبێد کوڕی سەیدتەهای شەمزین شێخی گەورەی تەریقەتی قادری لە شەمزینان،برادۆست و پیران بوو.شێخ عوبێد دوای ئەوەی شەڕی ڕووس و عوسمانی بڕیارنامەی ئاشتی بەرلین لە مانگی مارچ ی ١٨٧٨ی لێکەوتەوە و بە گوێرەی ئەو ئاشتی نامە، کوردستان کەوتە دەستی ڕووسیا ،هەستی نەتەوایەتی ئایینی تێدا بەهێز کرد کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد درووست بکات و دەستی ئێران و عوسمانی لە کوردستان ببڕێ و کوردستان ئیتر نەبێ بە وجەالمصالحەی ڕامانە ماخۆلە ئیسلامیەکانی عەجەمی شێعە و تورکی سوننی.
شێخ عوبێد کاتێ سکاڵای فەیزوڵابەگ سەرۆک عەشیرەتی بەگزادەی موکری و هەمزەئاغا سەرۆک هۆزی مەنگور و مینەئاغا سەرۆک عەشیرەتی گەورک ی لە زاری خۆیانەوە بیست سەبارەت بەوەی

دەسەڵاتداری سابڵاخ "شازادەنەواب ئەحمەدمیرزا کێشکچی باشی" کوڕی "شازادە تاماسپ میرزا" کە پیاوێکی خوێڕی و نەفام و دەمارگرژ بوو،ئەوانی سزای مادی داوە بە بێ بیانوو،تەنیا لە ڕق و نەفرەت لە کورد دا،کەوتە بیری ئەوەی کاری عەجەم کۆتایی بێنێ.

فەیزوڵابەگ ١٥٠٠ تمەن،مینەئاغا٥٠٠ تمەن و هەمزەئاغا ٥٠٠ تمەن سزا درابوون.



شێخ عوبێد ئاگای لە کەتن و بێناموسیەکانی داروەستەی حکومەت لە موکریان و ورمێ بوو،بەتایبەت دوای ئەوەی محەمەدشای قاجار کە موریدی "سەیدتەها"ی باوکی شێخ عوبێد بوو کۆچی دوایی کرد و نەسرەدین شا و دایکی بە دوای ئازاری کوردەکانەوە بوون:

هۆکارەکە سیاسی بوو،لەبەر ئەوەی خەجێ خانم کچی یەحیا خان شکاک ژنی خۆشەویستی محەمەدشا بوو،هەروەها شازادە نەواب هەباس میرزا کوڕی خەج خانم و محەمەدشا نایب سەڵتەنە واتە شازادەی جێنشین بوو،کاتێ نەسرەدین شا هاتە سەر حوکم بە ئانتریکی "مەهدێ عولیا" دایکی هەوڵی کوشتنی خەج خانم و هەباس میرزایان دا بەڵام دەوڵەتی بریتانیا نەیهێشت و گاردی کورد کە ١٤ساڵ بوو لە تاران و لە کۆشکی شاهەنشاهی دا پاسەوانی تایبەتی محەمەدشا بوون دەسرێژیان لێکرا و شەڕێکی قورس لە تاران و تەجریش کرا و ئەو جوامێرە کوردانە عەجەمی زۆریان کوشت و دوای شەهید بوونی کەسانێک ڕوویان کردەوە کوردستان.

لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرحوکمی نەسرەدین شاوە کورد وەک دوژمنی پلەیەک لەقەڵەم درا،حاکمەکانی سابڵاخ و ورمێ کە خزم و کەسی نەسرەدین شا بوون هەموو جەنایەتێکیان لە کوردستان دەکرد و دەیانزانی کە ناوی کورد بێننە ئاراوە ،شا کەیفی ساز دەبێ...

بۆ وێنە یۆسف خان شجاع الدولە لەو دواییانەدا پەلاماری مەرگەوەری دا بوو ٤٥ ژن و پیاو و منداڵی گوندەکانی مەرگەوەری کوشتار کردبوو،شێخ هەرچەندەی کرد و کۆشا دەوڵەتی ئێران لە تاران،هەروەها والی تەورێز واتە مزەفەرەدین میرزا نایب سەڵتەنە وەڵامی سکاڵاکانی شێخ عوبێدوڵای نەهری یان نەدابووەوە و ئەمەش شێخی توورە کردبوو لە هەڵسوکەوتی عەجەمەکان لە ورمێ و دەوروبەری .
سکاڵای سەرانی عەشایری موکری،گەورک و مەنگوڕ شێخ عوبێدی ساخ کردەوە لە سەر ئەوەی زەبرێک لە عەجەم بدات،هەر بۆیە بانگەوازی عەشیرەتە کوردەکانی کرد و ٣٠هەزار شەڕوان و فیدایی ڕازاندەوە بۆ شۆڕشی ڕزگاری.

اقباڵ الدولە دەسەڵاتداری ورمێ،بە ڕواڵەت شازادە ئیمام میرزای کوڕی مەلک قاسم میرزای بۆ تکاکاری!!!!! ناردە سابڵاخ گوایە تکا لە حاکمی سابڵاخ بکەن واز لە ئازاری کوردەکان بە گوندنشێن و عەشایر و شارنشینەوە بێنێ.بەڵام حاکمی مەهاباد گوێی نەدا.

شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبێد و سوپای کوردستان سابڵاخیان گرتەوە و ڕوویان کردە میاندواو یان مەرحەمەت ئاوا.



لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠دا سوپای کوردستان پیکهاتوو لە سوارانی هۆزە کوردەکان ڕووبەڕووی سوپای ئێران بوونەوە. سەلیم خان چواردۆڵی،محەمەدحەسەن خان بەختیاری و عەلیخان حاکمی مەراغە

سەردەستەی سوپای عەجەمستان بوون. لەم شەڕەدا واتە شەڕی مەرحەمەتاوا/میاندواو میرۆبەگ خاڵی شێخ عەبدولقادر نەهری شەهید بوو بەڵام سوپای عەجەم تێکشکا و پەڕەوازە و تەفروتونا بوو.

هەرچەندە شۆڕشی شێخ لە ١٨ی ١٠ی١٨٨٠ و دوای شەڕی "بناو" نسکۆی هێنا و شێخ عوبێدوڵا چاری ناچارما خۆی بسپێرێتە دەستی عوسمانی بەڵام شۆڕشی پاییزی ١٨٨٠ی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ عوبێدوڵا نەهری بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی هزری لە بیروڕای کوردەکانی هەموو کوردستاندا و بەدوای خۆیدا شۆڕشەکانی جەعفەرئاغا شکاک،شێخ مەحموود بەرزەنجی،شێخ عەبدوسەلام بارزانی١٩٠٨، سمکۆئاغاشکاک، شۆڕشی ١٩١٢ی سەربەخۆیی لە کرماشان، شۆڕشی سەردارڕەشیدکوردستانی،شۆڕشی گەڵواخیەکان١٩٢٠، شۆڕشی شێخ سەعید ئەفەندی١٩٢٥،شۆڕشی خۆیبون و شۆڕشی ئاگری١٩٣٠، شۆڕشی سەیدڕەزا دێرسم١٩٣٧ و شۆڕشی شێخ سدیق بارزانی،شۆڕشی شێخ ئەحمەد بارزانی١٩٤٠، شۆڕشی مەلامستەفا بارزانی١٩٤٤ و بەرپا کردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد١٩٤٦بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد ی هێنا بەدوای خۆیدا.
هەروەها کوردەکان بۆ یەکەم جار ڕۆژنامە ی کوردی و پارت و حزبە کوردیەکان یان بەرپا کرد و ئەنجومەنە فەرهەنگیەکان دامەزران...

ئەوانە هەموو لە ئاکامی شۆڕشی شێخ عوبێدەوە سەری هەڵدا ،هەرچەندە شۆڕشەکانی١٨٢٠ی پاشاکوێرەی سۆران و ڕووخاندنی شانشینی کوردستان و دوورخستنەوەی میربەدرخان بەگ ،شای کوردستان لە ١٨٤٦دا بەستێنی درووست بوونی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردن،بڵام هەنگاوی شێخ عوبێدوڵا نەهری شەمزینان وەرچەرخانی چارەنووسیی کوردگەرایی یان هزری کوردایەتی بوو.